# وەرگێڕانی فەلسەفی و فەلسەفەی وەرگێڕان – بابەتێکی ستراتیژی.. لە ئەرەبیەوە: یاسین لەتیف

نووسینی: د . زهير خويلدي

پێشەکی

"وەرگێڕان بریتییە لە ڕووداوگەلێک کە کارگێری هاوشێوەی هەیە بە ئامرازی جیاواز" (پێڕ فالێری )

وەرگێڕانی فەلسەفی بوارێکی ئاڵنگاز لەوە تێدەپەڕێت کە تەنها گواستنەوەی دەقی فەلسەفی بێت لە زمانێکەوە بە زمانێکی تر ، هاوکات پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوول هەیە لە کۆنتێکستی ڕوونبێژی و زمانەوانی چەمکەکان کە بیرکەرەکە فەلسەفییەکان دروست دەکەن . بەڵام فەلسەفەی وەرگێڕان بریتییەلە ڕێنگەدانەوەی تیۆری لەسەر سروشتی وەرگێڕان و ئامانجەکانی و ئاڵنگارییەکانی، لەگەڵ گرنگیدان بە چۆنێتی کاریگەری زمان لەسەر بەرهەمهێنان و گواستنەوەی زانین. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە شیکارییەکی قوواڵی وەرگێڕانی فەلسەفی و فەلسەفەی وەرگێڕان پێشکەش دەکات لە ڕێگەی ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە ئاڵنگاری زانستی و زمانەوانی و ڕوونبێژی ، لە هەمان کاتدا پێشنیاری ستراتیژییەکان دەکات بۆ ماملەکردن لەگەڵ ئەم ئاڵنگاریانە.بابەتەکە لە ڕێگەی چوار تەوەری سەرەکییەوە باس دەکرێت : (١) پێناسەی وەرگێڕانی فەلسەفی و فەلسەفەی وەرگێڕان، (٢) ئاڵنگاری زانستی و زمانەوانی، (٣) کۆنتێکستی ڕوونبێژی و مێژوویی، و (٤) ستراتیژییەکانی وەرگێڕانی فەلسەفی ،چۆن وەرگێڕانی فەلسەفی سود لە فەلسەفەی وەرگێڕان وەر دەگرێت ؟ .

(پێناسەی وەرگێڕانی فەلسەفی و فەلسەفەی وەرگێڕان)

وەرگێڕەی فەلسەفی دەبێت ڕووبەڕووی ئەو سەختی و دژواریانە بێتەوە کە بە بە شێواندن چەمکی دەقی ڕوونبگەیەنێت ، لە هەمان کاتدا هەوڵی خەی بخاتە گەڕ بە پاراستنی دڵسۆزەندی چەمک و جۆوازیە وردەکان ."

**(وەرگێڕانی فەلسەفی)**
وەرگێڕانی فەلسەفی بریتییە لە پرسەی گواستنەوەی دەق فەلسەفیەکان لە زمانێکی سەرچاوەوە بۆ زمانێکی ئامانج، لە هەمان کاتدا پاراستنی وردبینی چەمک و بەستێنی فیکری دەقی ڕەسەن. وەرگێڕانی فەلسەفی جیاوازە لە وەرگێڕانی ئەدەبی یان تەکنیکی بەهۆی سروشتی ئەبستراکتی دەق فەلسەفیەکان کە هەندێک جار بە مەبەست ناڕوون و تەمومژاوین و پشت بە چەمکە ڕەشنبیری و زمانەوانیە تایبەتەکان دەبەستن. بۆ نموونە وەرگێڕانی زاراوەی وەک دازاین " Dazein" لە هایدگێردا یان (emeepist ) لە ئێرستەدا پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوول هەیە لە چوارچێوەی فەلسەفی و زمانەوانیدا .

**(فەلسەفەی وەرگێڕان)**
فەلسەفەی وەرگێڕان بریتییەلە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر سروشت و ئامانج و سنووردارییونی وەرگێڕان. ئەم فەلسەفەیە پرسیارگەلێک لەخۆدەگرێت سەبارەت بە ئێگەری گواستنەوەی ماناکان لە سەرانسەری زمانەکاندا،هەروها کاریگەریی زمان لەسەر بیرکردنەوە و پێوەندی وەرگێڕان بە ناسنامەی ڕەشنبیرییەوە. فیلۆسوفانی وەک والتەر بنیامین،لە وتارەکەیدا بەتایبەتی"ئەرکی وەرگێڕ" (۱۹۲۳) و جاک دێریدا، لەبەرهەمەکانیدا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەگەری، تەڤانینەکی قوڵیان پشکش کردووە سەبارەت بە وەرگێڕان وەک پرسەیەکی داهێنەرانە و کەشدار . بنیامین پێی وایە وەرگێڕان ئامانجی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی ڕەسەن نییە بە شێوەیەکی یەکسان، بەڵکو زیاتر دروستکردنی "ژیانێکی نوێ" یە بە دەقەکە بە زمانێکی دیکە. لە کاتێکدا ژاک دریدا سەرنج دەخاتە سەر مەحاڵبوونی وەرگێڕانی تەواو بەهۆی فرەیی سروشتیی ماناکان لە زماندا.

**(ئاڵنگاری زانست و زمانەوانی لە وەرگێڕانی فەلسەفیدا)**
**(ئاڵانگاری زانستی)**
ئاڵنگاری ئیپیستەمۆلۆژی پێوەستە بە سروشتی زانستی فەلسەفی و چۆنیەتی گواستنەوەی لە سەرانسەری زمانەکاندا. زۆرجار دەق فەلسەفیەکان لەو چەمکانە تێر دەبن کە پشت بە چوارچێوەیەکی تایبەتی زانستی دیاریکراو دەبەستن بە نموونە: فرە مانا: زاراوەی وەک "Being" لە فەلسەفەی ڕەژئاوادا یان " Tao " لە فەلسەفەی چینیدا چەندین مانای هەڵدەگرن کە ناتوانرێت لە زمانێکی تردا بە یەک وشە کورت بکرێتەوە.
ئاڵنگاری ئیپیستەمۆلۆژی: دەقی فەلسەفی لە چوارچێوەی زانستی

تایبەتدا دەنووسرێت. (وەک ئایدیالیزمی ئەڵمانی یان بوونگەرایی.) وەرگرتن پەیوستی بە تێگەیشتن هەیە لەم کۆنتێکستە بە ئاوڕی بە وردی ماناکەی بگەیەنێت.

**(ئاژەنگاریکانی زمانەوانی)**

زمان ئامرازێکی فەلسەفییە، بەڵام هەر گۆڕانکارییەک لە زماندا کاریگەری لەسەر مانا دەبێت. لە نێو تەحەدای زمانەوانیدا: "نایەکسانی زمانیی"هەمیشە وشەی هاوتای ورد لە نێوان زمانەکاندا نییە. بە نموونە وەرگێڕانی زاراوەی " Geist " (ڕۆح/عەقڵ) لە فەلسەفەی هیگڵدا بە زمانی عەرەبی پەیوستی بە هەڵبژاردن هەیە لە نێوان "ڕۆح" یان "عەقڵ"دا، کە ڕەنگە هەردووکیان واتایەکی جیاوازیان هەبێت . ( بە زمانی کوردیش هەروایە ، و. ک) .

پێکهاتەی ڕەزمانی: جیاوازی لە ڕەزمانی زمان لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج ، ڕەنگە کاریگەری لەسەر دەربڕینی بیرکەکان هەبێت. بە نموونە زمانی عەرەبی مەیلی بەرەو پێکهاتەی مێتافۆریک هەیە، لە کاتێکدا ڕەنگە ئینگلیزی ڕاستەوخۆتر بێت.

هەژووگرایی زمانەوانی: زەرجار زاراوە فەلسەفییەکان مانای خۆیان لە هەژووی زمانەوە وەردەگرن. بە نموونە وەرگێڕانی دەقەکانی ئەفلاتون پەیوستی بە تێگەیشتن لە زمانی یۆنانی کۆن وکۆنتێکستی ڕەشنبیریەکەی هەیە.

**(زەمینەی ڕەشنبیری و هەژووییەکان لە وەرگێڕانی فەلسەفیدا)**

**(پانتای ڕەشنبیری)**

وەرگێڕانی فەلسەفی تەنیا گواستنەوەی وشەکان نییە، بەڵکو گواستنەوەی ئەو ڕەشنبیرەشە کە دەقەکەی بەرهەمهێناوە. بە نموونە: وەرگێڕانی دەقەکانی ئیبن ڕوشد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زمانی لاتینی تەنها گواستنەوەی زمانەوانی نەبووە، بەڵکو پرسەی کارلێکی ڕەشنبیری بووە لە نێوان فەلسەفەی ئیسلامی ومەسیحیدا. وەرگێڕانی فەلسەفەی چینی (وەک کۆنفۆشیزم) بە زمانە ڕۆژئاواییەکان زەرجار ڕووبەڕووی کۆشە دەبێتەوە بەهۆی جیاوازی بەها کولتووریەکانەوە، وەک جەختکردنەوە لەسەر بەکەمەگرایی بەرامبەر بە تاکگرایی.

**(چوارچێوەی هەژووی)**

ڕەزەرجار دەقە فەلسەفییەکان پەیوەستن بە قۆناغی هەژووی دیاریکراوەوە. بە نموونە: وەرگێڕانی دەقەکانی کانت لە سەدەی بیست و یەکەمدا پەیوستی بە تێگەیشتن هەیە لە چوارچێوەی هەژووی ئایدیالیزمی ئەڵمانیا لە سەدەی هەژدەهەمدا . گۆڕانکاری لە مانادا ، بە تێپەڕبوونی کات وەرگێڕانی وشەیی دکرێت چەواشەکارانە بێت.

بە نموونە وشەی "عیلم" لە زمانی عەرەبی کەندا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بە زانین ، لە کاتێکدا ئەمە هەگیری واتاگەلێکە پێوەستە بە زانستی مەدرنەوە .

**(کاریگەری ئایۆگە)**
وەرگێرانی فەلسەفی پرسیەکی یەکلایەنە نییە، بەکو کاریگەری دەنوێنێت لەسەر هەردوو زمانی سەرچاوە و ئامانج . بە نموونە وەرگێرانی فەلسەفی یەنانی بە زمانی عەرەبی لە سەردەمی عەباسیدا کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی زمانی عەرەبی هەبوو، بەو پێیەی زاراوەی نوێی وەک "جەوهەر" و " پانتایی" دەرکەوتن بە گێیاندنی چەمکەکانی ئەرستە .

**(ستراتیژیەکانی وەرگێرانی فەلسەفی)**
بە زاڵبوون بەسەر ئەو ئاڵنگاریانەی سەرەوە، وەرگێرەکان دەتوانن ستراتیژی تایبەت بگرنەبەر بە دەنیابوون لە وەرگێرانی ورد و کاریگەرانەی دەقە فەلسەفیەکان. ئەم ستراتیژیانە بریتین لە:-

**(ستراتیژی کۆنتەکست)**
تێگەیشتن لە چوارچێوەی فەلسەفی: وەرگێڕ دەبێت چوارچێوەی فەلسەفی دەقەکە بخوێنێتەوە. بە نموونە وەرگێرانی دەقەکانی نیتچە پێویستی بە تێگەیشتن لە چوارچێوەی بوونگەرایی و ڕەخنەیی مەدەرنیتە هەیە.
تێبینی: زیادکردنی تێبینی ژێرەوە یان پێشەکی بە ئاوەی چەمک و چوارچێوەی ڕەشنبیری دەقی ڕەسەن ڕوون بکاتەوە .

**(ستراتیژی زمانەوانی)**
هەشتنەوەی زاراوە ڕەسەنەکان: لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە باشتر بێت کە زاراوە ڕەسەنەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ماناکانیاندا بهێڵرێتەوە. (وەک وەرگێرانی " logos" وەک خۆی لەگەڵ کەمێنتێکی ڕوونکردنەوە.)
گونجاندنی زمان: گونجاندنی دەق لەگەڵ زمانی ئامانج و لە هەمان کاتدا پاراستنی مانا.

**(ستراتیژی ڕەشنبیری)**
نەوەندگیری ڕەشنبیری: وەرگێڕ وەک نوێنەرگیریەکی ڕەشنبیری کاردەکات، هەوڵدەدات بە گواستنەوەی بەها و گریمانە ڕەشنبیریەکان کە پێوەستن بە دەقەکەوە . بە نموونە وەرگێرانی دەقەکانی بودا بە زمانی عەرەبی پێویستی بە ڕەچاوکردنی جیاوازیی نێوان بەهاکانی ڕەژهەنات و ئیسلامی هەیە. دیالێک لەگەڵ خوێنەران: خستنەڕووی دەق

بە شێوەیەک کە خوێندنەوەی بۆ ئامانج گیراو هەست بکات بەشێکە لە دیالێکی فەلسەفی،لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ئاشنا یان ئاموونانەی کە پێوەندیدارن .

**(ستراتیژی داهێنەرانە)**
دووبارە دروستکردنەوە: وەک بنیامین پێشنیاری کردووە، وەرگێڕان دەتوانێت پرسیەکی داهێنەرانە بێت کە ئامانجی هێنانەدی دۆخێکە لە چوارچێوەیەکی نوێدا، نەک هاوتەدان بە یەکسانیی وشەیی. هاوشادنەوە و لێکدانەوە: وەرگێڕ بە ئیلهام موەرگردن لە جاک دریدا، دەتوانێت ڕێبازێکی هاوشاندنەوە بگرێتەبەر کە تیشک دەخاتە سەر فرەیی ماناکان و ڕێگە بە دۆخێک دەدات کە ناوونیی و تەمومژاوی فەلسەفی خۆی بپارێزێت .

**(ستراتیژی تێکنەڵژیا)**
بەکارهێنانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان ، سود وەرگردن لە پێگەی داتاکانی زمانەوانی و فەلسەفیەکان بە تێگەیشتن لە زاراوەکان و مێژووەکانیان . هاوکاری نێوان پسپۆرەکان : یانی کارکردن لەگەڵ فەیلەسوف و زمانزان و مێژوونووسان بە دڵنیابوون لە وردی وەرگێڕانەکان .

**(ڕێخنە)**
ڕەخنەیی زمانەوانی: هێندێک دەڵێن وەرگێڕانی فەلسەفی ڕێنگە ببێتە هۆی ڕێزگرایی ئیپیستمەلۆژی، کە ماناکان بە شێوەیەکی یەکجیی لە نێوان زمانەکاندا دەگەڕێن.
ڕەدەستدانی ڕەسەنایەتی: هێندێک ڕەخنە لە وەرگێڕانی فەلسەفی دەگرن، دەڵێن ڕێنگە بەشێک لە قووڵایی دەقی ڕەسەن یان تایبەتمەندی ڕەشنبیری لەدەست بدات. ئاڵنگاری ئەخلاقی: وەرگێڕ لەوانەیە هووبەووی تەماتی لایەنگری ببێتەوە ئەگەر هێندێک لێکدانەوە بەسەر ئەوانی تردا هەبژێرێت .

**(کاریگەری)**
وەرگێڕانی فەلسەفی بەشداری کرد لە دروستکردنی پردی نێوان ڕەشنبیرەکان، وەک گواستنەوەی فەلسەفەی یۆنانی بۆ جیهانی عەرەبی-ئیسلامی، کە دواتر کاریگەری لەسەر بیری ئەوروپای ڕێژاوا هەبوو. فەلسەفەی وەرگێڕان ئیلهامبەخش بووە بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانتی نوێ و تۆژینەوەی ڕەشنبیری دوای کۆلۆنیالیزم ، هەروەها وەرگێڕان بووەتە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە شوناس و جیاوازی .

**(ئەنجام)**
«وەرگێڕانکان ئاسۆی مرۆڤ وجیهانی فرەوان کرد ، لە هەمان کاتدا یارمەتیدەر بوو بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی دوور .»
وەرگێڕانی فەلسەفی و فەلسەفەی وەرگێڕان نوێنەرایەتی دوو بواری سەرەکیوتوو دەکەن کە پێویستیان بە هێزکی ستراتیژی هەیە کە ئاستێنگە زانستی و زمانەوانی و هۆشبیریەکان لەبەرچاو بگرێت. بە گرتنەبەری ستراتیژیەکانی کۆنتەکست و زمانەوانی و هۆشبیری، هاوکات پشتبەستن بە ستراتیژیەکانی کۆنتەکست، زمانەوانی، هۆشبیرری و داهێنان، وەرگێڕان دەتوانن بەسەر ئەم ئاڵنگاریانەدا زاڵ بن و وەرگێڕانێک دروست بکەن کە هەستی دەقی هەسەن بپارێزێت ، لە گەڵ بە دەستهاگەیشتن و مانادار لە چوارچێوەی نوێدا . وەرگێڕانی فەلسەفی لە هەمان کاتدا وەک پرسەیکی داهێنەرانە و هەڵخنەگرانە دەمێنێتەوە، هاوکات بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆی فەلسەفی لە سەرانسەری زمانەکان و هۆشبیریدا . ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر گرنگی هەشیاری لە ئاڵنگزیەکانی پەیوەست بە وەرگێڕانی فەلسەفی و پێویستی پەرەپێدانی ستراتیژی داهێنەرانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگزیانە دەکاتەوە. ئایا بەکارهێنانی فەلسەفە وایکردووە وەرگێڕان بتوانێت بەسەر دژواری و سەختیەکانیدا زاڵ بێت؟

**(د . زهير خويلدي)**
هەرچاوە – انفاس نت – بەروار ١٩ ئۆکتۆبەر ٢٠٢٥

a

---

# بانگەشەکردن بۆ چەتاڵ.. نەوزاد بەندی

چەتاڵکردن واتا بە گواستنەوەی بارگە ی کارەبا یان ووزە لە شوێنکی پڕ ووزەوە بۆ شوێنکی بێ ووزە، بۆ شۆڕێکی کاتیی.
ئەم حاڵەتە، هەوڵدانە بۆ بارگاویکردن و ژیانەوەی ئامێرکی مردوو بە شۆڕێک هەتا ئۆگەیەنرێتە لای وەستا .. بۆ نمونە پاتری ئوتومبیلێک لەکار دەکەوێ، پیویستە بە پاتری ئوتومبیلکی تر چەتاڵ

بکرێ، بۆ ئۆتومبیلێ لە کارکۆتووکە بخرێتەوە گۆڕ، هەتا دەگاتە لای پاتریسازک و پاتریێکی نوێی بۆ دەکڕێت.
بەڵام وەک چۆن هەنگوین و ئاڵتون و دەنگی حەسەن زیرەک، بۆ لادا براون و کۆپی ساختەیان کۆتتە بازاڕەوە، بۆ هەمان شێوە چەتاڵیش تەکنەاوی ساختە و گزی کراوە، بۆ نمونە خەڵکێک هەبوون و هەن و ئێبن کە کارەبای ماڵ و دوکان و پێژەکانیان چەتاڵە..واتا هەڵک بە دزییەوە لە کارەبای گشتی دادەکێشن و کارەبای خەڵایی بۆ ماڵ و دوکانەکانیان دەستبەر دەکەن، لەرەدا ئیتر پێناسەی چەتاڵکردن ئاشکرە، چونکە چەتاڵکردن بۆ شێوەیەکی کاتییە، بەڵام ئێم جارە چەتاڵەیان بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان درێژ خایەنە.
لەبەر ئەوە وەک هەموو دیاردەکان، چەتاڵکردن لایەنی خێر و شەیشی هەیە، وەک چۆن چەقۆیەک ئەتوانیت کارەستەی خواردنەکی بەتامی پێ بجنیت و ئامادەی بکەیت، لە کاتێکدا خەڵکێکی شەڵەنگەز هەن بە چەقۆ کەسانێکی بۆ تاوان ئەکۆژن یان بریندار ئەکەن، بەو جارە چەتاڵی خێر و چەتاڵی شەیش هەیە.
لە ڕاستیدا مرۆڤ لە عەرەبیدا پێی ئەوترێ ئینسان ، واتا دوو مرۆڤ..خێر و شەڕ ..زانستی نوێیش سەلماندوویەتی کە مشکی مرۆڤ دوو بەشی لای ڕاست و چەپی تەواو جیاوازن، لایەکیان تایبەتە بە یاسا و باوەڕ و وەفاداریی و خانەویستیی ، کەچی لاکەی تریان تایبەتە بە یاخیبوون و بێ باوەڕیی و زوڵم و خۆپەرستیی ..هەر بۆیە کەسانێکی ئایینیی و شەڕشگێڕ بەردەوام ویەرد و دوعا و سرووت ئەنجامەوە بۆ ئەوەیە بەشە باوەڕدارەکەی مشکیان پتەو بکەن و بەشە بێ باوەڕەکەی بپوکێننەوە و پەراوێزی بخەن ..هەمان کات کەسە بێ باوەڕ و خۆپەرستەکان، بەردەوام یاساشکێنیی و زوڵم و تاوانکان ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بەشە بێباوەڕ و خودپەرستەکەی مشکیان گەشە پێ بدەن و ..بەشە باوەڕدارەکەیش پشت گوێ و لەناو ببەن .
ئەمە پاکانە کردن نییە بۆ ئەوانەی کارەبا و ئاو بە چەتاڵکردنی هەمیشەیی دابین دەکەن، چونکە ئەوە دزییە لە سامانی گشتیی شایانی سزای تونده، بەڵام ئەمانەوە ئەوە بخەینە ڕوو کە لە ڕاستیدا هەموو دیاردە و هەڵس و کەوتکی مرۆڤ، لە ژێر هەڕەشەی دوو کێشەی پێزەتیف و نێگەتیڤدایە، واتا خەی بەیار ئەدات خزمەت بکات یان زوڵم .. بنیات بنێ یان بوخێنێ ..وەفادار بۆ یان ناکەس بۆچێ ..نیشتمان پەروەر بۆ یان نیشتمان فرۆش، ئەوەیش هەوە و لێبڕانی پێویستە، واتا مرۆڤ لە خەیەوە نابێتە خێرخواز، لە خەیشیەوە نابێتە شەڵەنگەز، هەردوو حاڵەتەکە کار و هەوە و ماندوو بوونی ئەوە.
با بگەڕێینەوە بۆ بابەتی چەتاڵ، لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیشدا

چەتاکردن بە ئاشکرا دیارە یان ڕاستتر کۆنیالیستە زبەلاحەکانی جیهان بە سیاسەتی چەتا دەستاتکانی خۆیان ئاسپێنن و وڵاتان بە خۆیان حەپڵوش دەکەن، بە نمونە فەیسەڵی باوکی سعودی شای سعوید، بە کردار چەتاکردنی ئەمریکای ڕەت کردەوە و نەوتی لە بین، کاتێکیش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی کرد و بە تەنزەوە ووتی تەزە نەوتمان بە بەربەرەوە فڕۆکەکەم بەنزینی تیا نیە، شا فەیسەڵ ووتی منیش پەیستم بە قودسە نوژمکی تیا بکەم، ئەمە بوو بە هۆی تیرەرکردنی شا فەیسەڵ، بەڵام کە سعودی کۆی هاتە جگای، بۆی نەوتی بە کردنەوە، ئەوانیش چەتاڵکی چاکیان بە کرد و تا هەنوکەیش سعودیە چەتاکراوە و هیچ عەیبی نییە .. بەهاری عەرەبیی، لەکردنەوەی چەتاڵی لیبیا و میسر و تونس بوو لەلایەن ئەمریکاوە ، بەو جۆرە دەستاتی ئەو وڵاتانە نوزیان تیا نەما و بە خرایی ڕوخان، بەڵام سوریا نەڕوخا، چونکە دوای پچانی چەتاڵی ئەمریکا، ڕوسیا بە خرایی چەتاڵی کردنەوە. بەو جۆرە هەرچی دەستاتی دنیایە، بە جۆرە لە جۆرکان چەتاڵک یان زیاتریان پەویە لە هەمان کاتدا چەند چەتاڵکیشین لە دژچووە بە ئەو دەستاتانەی کە لە خۆیان لاوازترن، بە نمونە دەستاتکانی هەرەمی خەمان نیوی چەتاڵی ئێران ئیسوێنە و نیوکەی تری چەتاڵی تورکیا بارگاویی دکات، ئەوە لە کاتکدا تورکیا و ئێرانیش گیانکیان بە چەتاڵی چین و ڕوس و ئیسرائیلە، ئەمانە چەتاکردنی سیاسیین، بە نمونە کەسکی وەک دۆناڵد تڕەمپ، لایەکی کشکی سپی ئەڕوخێنە بە ئەوەی هەڵی سەماکردنی تایبەت بەخۆی دروست بکا.. هەروەها هەوڵ ئەدات یاسای سەرکایەتیی ئەمریکا لە هەشت ساڵەوە دژڕ بکاتەوە بە دوانزە یان شانزە ساڵ، ئەم بەیارانە ێکلامن چونە سەر تەختی چەتاکەری باڵا، یاخود چەتاڵی سوپەر پاوەر لە هەموو دونیادا کە بە کابەرە،.واتا چاکسازیی و ێفەرم نین، بەڵکو چەتاڵکردنن، چونکە جیاوازی نەوان چەتاکردن و چاکسازیی ئەویە چەتاکردن خواستی یەک شت یان یەک کەس و یەک خزانەو یەک بنەماڵە بەدی دەهێنیت، بەڵام چاکسازیی خواستی گشتیی بە دیدەهێنە .. هەمیشە چەتاچیێکان و چاکسازخوازکان لە شێوەکی دەستە و یەخەی درژ خایەن و ئزلیدان ..کاتە تەماس مەری چاکساز بە پاشای چەتاچی فلۆرنسا دەڵێت : تە زاهمیت .. لە داخی ئەو یەتەپیا ئەنوسە کە سەر لە بەری کەمەگا و بەها باوکانی تەدا ئەگۆڕێ، بە نمونە ئاڵتون کە خۆنی چەتاچیێکانە، لە یەتەپیادا تەنها دروستکردنی کەڵەپچە و قەعادەی پاشێوەی منداڵان بکارئەهێنرە ، لەڕەدا ئیتر پاشای چەتاچی فلۆرنسا لە تەماس مەری ێفەرمخواز ئەچە بە قیندا و سەری ئەپڕێنە ..

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی ئەم چەتاچییە قاچاخ و دژە یاسا و دژە داب و نەریتانە، لە هەوڵی مانەوەی خەیان و خەزان و بنەماکانیاندا، ملیۆنها مرۆڤیان کوشتووە و برسی و ئاوارەیان کردوون..و تا هێنوکەیش بەردەوامن .
هەنگێ لەرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، بۆچی هەمیشە چەتاچییەکان ، یاخود بەشێ شەنگەزەکەی مشکی مرۆڤایەتیی بەسەر چاکساز و ئیفەرمخواز و بەشێ ئاشتیخوازەکەی مشکی مرۆڤدا زاڵ ئەبێ و ئیبات؟ بۆچی شارستانییەتکان و ئەدەب وهونەر و زانستی چەندها سەدە، دەسەاتگەلێکی ناداد و دەندە و گەمژیان لێ پەیدا ئەبێ ؟
بە کورتیی هەکارەکەی ئەویە چەتاچی و شەنگەزەکان لەو جەنگەدا هەموو چەکێکی نائەخلاقیی بەکاردێنن و بە ڕاست و چەپدا، تەڵ و وشک ئەسوتێنن، بەنام چاکساز و ئیفەرمخواز لەو شەڕەدا سنووری ئەخلاق و داب و نەریت ناشکێنن، ئەمەیش وەک شەڕی مامەستایەکی بەرز و چەقەکێشکی مافیا وایە، پێش ئەوەی مامەستاکە بیر لەوە بکاتەوە چۆن لەم شەڕەدا قوتابخانەکە و خەڵکەکە زیان نەکەن، کابرای مافیای چەقەکێش حەوت زمانە مامەستاکەی شەالەی خوێن کردووە و قوتابخانەکەی بەسەر قوتابیەکاندا ڕوخاندووە.
برسی کردنی میللەتان و مافی خەڵک خواردن و دزی و مافیاگەریی سیستماتیک و هەمەگیرساندنی شەڕی هیچ و پوچ و بێ مەعنا، بێشکن لەو چەکە نائەخلاقییانەی کە چەتاچییە نائەخلاقیەکان سەروەریی خەیانی پێ دەپارێزن، ئەوەی هەمیشە وایکردووە کە دەسەاتی دادپەروەر تەمەنکی کورتی هەبێت و ..دەسەاتی مافیا و نادادپەروەر تەمەنکی درێژی هەبێ.
بەنام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام وتا ڕادەیەکیش هەنامیە پێکەنین، بەکارهێنانی چەتاکردن بوو لە بانگەشەی ئەمجارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا .. تەماشا دەکەیت چەندها کاندید کە هیچ کەسێک نایانناسێت و هیچ شوێنپەنجەیەکی زانستی و ئەدەبی و هونەریی وکەمەایەتیی و سیاسیی دیاریان لە کەمەگادا نەبووە، لە بانگەشەی هەڵبژاردنیاندا، لەگەڵ وێنەکەی خۆیاندا وێنەی سەرۆک حیزبەکانیان یان هاوسەرەکانیان کە ناسراو بوون یان هەر کەسێک کە خزمایەتیی و ئاشنایەتیی و ناسراویان لەگەڵیاندا هەیە، لەسەر فلەکس چاپکراون و بە شێوەکاندا هەڵواسراون ..واتا هەک وەک ئەو دوو ئوتومبیلەی کە لە تەنیشت یەکترەوە دادەنرێن بە ئەوەی پاتری مردووی یەکەکیان لە ڕێی چەتاکردنی پاتری زیندووی ئەوەی تریانەوە، بخرێتە کار ..
دانانی وێنەی کاندیدێکی نەناسراو لە تەنیشت وێنەی کەسێکی ناسراو، هەتا کەسە ناسراوەکە کە سەرۆک حیزبێتی یان خزم و هاوسەرێتی،

هەستت بە چەتاکردن و گواستنەوەی بارگەی ناوبانگ و ناسراویی لە خەیوەو بە ئەو ..بەو جارە بەکو ئەوە خوایە لە بەر گوڵە گەنمەک ئەو گوڵە جیانەیش دەلار بخنەوە و ببنە خاوەنی کورسی ئەنجومەنی نوێنەران و بچنە ژیانی پادشا و چەتاچیەکانەوە .
ئەم جارە چەتاکردنە، تازەترین جاری چەتاڵە و ..ەنگە لە مژووی مرۆقایەتیدا هەشتا لە ەی چەتاکردنەوە، دەنگی خەک و ناوبانگی خزم و هاو ئاواز، بە کاندیدی نەناسراو نەگواستراباتەوە ..هەر بەیە پەویستە کتەبی گینز بە ژمارە پەوانەیەکان لەم داهێنانە ئاگادار بکرێتەوە بە ئەوەی لە دوو توێی خەیدا تەماریان بکات.

نەوزاد بەندی

---

# ئاەزی پەیوەندی هەسەد و حکومەتی سوریا.. عوسمانی حاجی مارف

شاری حەلەب شایەتی گرژیە ئەمنیەکانی نەوان سوپای سوریا و هەسەد بوو، دوای پەکدادانی توندوتیژی کە لەنەوان هەزەکانی حکومەتی سوریا و هەسەد لە گەەکەکانی شاری حەلەب بەتایبەت شەخ مەقسود و ئەشرەفیە ەویدا، حکومەتی سوریا و فەرماندەی هەسەد، بە ەکەوتنی هەردوولا ەژی ٧ی ئەکتەبەری ٢٠٢٥، ئاگربەستەکی هەمەلایەنەیان ەاگەیاند، ئەمەش پرسیاری لەسەر چارەنوسی ئەو ەکەوتنە دروستکرد کە لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٥ بە تەکەکردنی هەسەد لە دامەزراوەکانی دەوەتدا پەشنیارکرابوو.
ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە، لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٥دا، ئەحمەد شەرع و مەزلوم عەبدی، ەکەوتنەکی هەشت خاڵیان واژەکرد کە ئامانج لەی تەکەکردنی پەکهاتە ئەمنی و سەربازیی و مەدەنیەکانی سەر بە هەسەدیە لەگەڵ دەوەتی سوریا، لە ەکەوتنەکەدا گەرەنتیکردنی مافە سیاسی و مەدەنیەکان بە هەموو سووریەکان بەبە جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی دیاریکرابوو، هەروەها دووپات کرایەوە کە کورد پەکهاتەیەکی دانەبەاوی دەوەتی سوریایە و بەهرەمەندە لە

هاوپاتیبونی تەواو و مافە دەستوورییەکان! هەروەها ئاگربەستێکی هەمەلایەنە لە سەرانسەری هەموو خاکەکانی سوریا و دەستپێکردنی یەکخستنی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بە ئیدارەی دەوڵەتی ناوەندی لەخۆگرتبوو، لەوانە دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان و کەرتگە نەوتی و گازییەکان.
لە ڕێکەوتنەکەدا جەخت لەسەر مافی ئاوارەکان کراوەتەوە بە گەڕانەوەیان بە سەلامەتی بۆ ناوچەکانی خۆیان، بە گەرەنتیی پاراستنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، هاوکات داوای پاپشتیکردنی حکومەت لە شەڕکانیدا کراوە لەدژی پاشماوەکانی ڕژێمی ئەسەد و هەموو ئەوانەی هەڕەشە لە ئاسایش و یەکپارچەزی سوریا دەکەن. هەروەها بڕگەیەکی تایبەت لەخۆگرتبوو کە قسەی ڕق و تایفەگەری و بانگەوازی دابەشبوون ڕەتدەکاتەوە و جەخت لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی پێکەوەژیان لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی سوریادا کراوە!
بەمشێوەیە ڕێکەوتنی مانگی ئازار چوارچێوەیەکی سیاسی و ئەمنی بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی سوریا لەسەر بناغەکانی بەناو هاوبەشی ‘نیشتمانی” نیشاندا، کە لەسەرتاوە هەسەدە بەشداری دانوستانەکانی بۆ بەهەزکردنی کۆنترۆڵی حکومەتی سوریا بەسەر ئاو وزاتدا کردبوو، بەڵام لەوکاتەوەی ڕێکەوتنەکە واژۆ کرا، جەبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنەبردەوام لە دەخێکی خراپدا دەرکەوتووە، وردەکارییەکانی “یەکگرتن”ی سەربازی و ئیداری تا ئێستا بەناونیشانەوە و میکانیزمەکانی گواستنەوەی دامەزراوەیی بەووونی دیارینەکراون، ئەم ناڕوونیە، وایکردووە ڕێکەوتنەکە ئامادەبێت بۆ لێکدانەوە ناکۆکەکانی نێوان دیمەشق و هەسەدە، ئەمەش کێڵگەیەکی دروستکردووە کە بەکارهێنرێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ دواکەوتنیان خاوکردنەوەی جەبەجێکردنی، هەروەها وایکردووە پەیوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە، هەسەدو حکومەتی سوریا لە دەخێکی ناسکی ئاگربەستدا بمێنێتەوە، نەک یەکلایکردنەوەیەکی سەقامگیری بۆ سوریا.
گەر وا پێشبینی بکرێت کە ئەم ڕێکەوتنەی ١٠ ی ئازار، تەنها چوارچێوەیەکی فەرمی وگشتیە بۆ باسکردن لەسەر چارەسەر، کە وردەکاری تێدا نیە و هیچیشی لەدەرناکەشرێت، لەهەمانکاتدا هەندە ناڕوشنە کە لە کێبووڕکێی دواتر لە نێوان حکومەتی دیمەشق و هەسەدە بەهەی نەبوونی فەرمولێی کەتایبەت کەسپیان بە دروست بوو.
کاتێک هەسەدە ڕێکەوتنەکەی واژۆکرد، پێدەچێت ئەو ساتەوەختە مژووڵیان لەبەرچاو گرتبێت و وەک مانگرتنێکی هەڵومەرجی مامەڵەیان لەگەڵدا کردبێت، نەک پابەندبوونێکی یەکلاییکەرەوەو کۆتایی. ئاماژەیان بەوەشکردووە، کە لەئێستادا هەسەدە هەوڵەدات تا دەتوانێت مانەوە و وەستانی زیاتر لەگەڵ حکومەتی ئێستای دیمەشقدا

بەڵێ بکات. چونکە هاکەوتنەک لەسەر بنەمای یەکگرتنی تەواو، لە دۆخی پێکهاتەی ئێستای حکومەتی شەرع و پاوانخوازی ئیسلامی سیاسیدا، بە مانای کۆتایی هەستەی دەبێت.
لەدوای واژەکردنی هاکەوتنەکەی مانگی ئازار، چوار خولی دانوستان لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی سوریا و هەستەی ئەنجامدراوە، کە دووکیبوونەوە لە حەسەکە و دوو دیدار لە دیمەشق ئەنجامدراوە. دوایین کێبوونەوە کە لە سەرەتای مانگی تەممووزدا بەڕێوەچوو، هیچ ئەنجامێک تیا بەدەست نەهاتووە.
کێشەکە ئەوەیە ئەحمەد شەرع و حکومەتەکەی پێیانوایە یەکگرتنەوە بە واتای هەڵوەشاندنەوەی هەسەدیە، واتە چەکدارەکان تاکەکەسی تەکەڵەی سوپای سوریا ببن، هەبێتە لە لایەن هەسەدەوە جێخت لەسەر ئەوەیە کە پێکهاتە هاکخراوییەکەی وەک بناغەیەکی یەکگرتوو بمێنێتەوە و پارێزراوبێت، نەک بە تەواوی لە دامەزراوکانی دەوڵەتدا هەبوەشێتەوە، ئەمەش لەلایەن حکومەتی سوریا قەبوو ناکرێت و هەتدەکرێتەوە، کە بە هەڕەشە بە سەر ناوەند بونەوەو یەکگرتوویی سوریا دەزانێت.
خاڵەکی دیکەی بنەڕەتی مشتومڕ، پرسی لامەرکەزییە، دیمەشق تارادەیەک مامەڵە لەگەڵ لامەرکەزیێت دەکات وەک هاکخستنی کارگەڕی لەناو دەوڵەتێکی یەکگرتوودا، لەکاتێکدا هەسەدە هاوەدەدات بیگەڕێت بە فەرمەلێیەکی سیاسی فراوانکراو کە دەسەڵاتی سەربەخۆی پێبدات لە بواردکانی ئاسایش و ئابووری و پێیوەندیەکانی دەرەوەدا، ئەو لامەرکەزییەی کە لەلایەن هەسەدەوە دانوستانی لەسەر دەکرێت، فیدراڵی یان دەوڵەتێکی فیدراڵی نییە، بەڵکو کۆنفیدەاڵییە، واتە دانوستانی نێوان دوو دەوڵەت کە هەریەکەیان سەروەری سەربەخۆیان هەیە و هاکەکەوتن لەسەر پێیوەندی هاوبەش لە ژێر یەک چەتردا، حکومەتی سوریا ئەمە بە پێشێلکردنی سەروەری دەوڵەت و یەکگرتوویی دامودەزگاکانی دەزانێت، گومانی تیا نیە کە تورکیاش قەبوو ناکات.
هاوکات ناکۆکی لەسەر پرسی ئابووری و کۆنترۆکردنی سەرچاوەکان بەتایبەتی نەوت و گاز و دەروازە سنووریەکان قووڵتر دەبێتەوە، لەکاتێکدا کە هاکەوتنی مانگی ئازار گەرانەوەی ئەم سەرچاوانەی بە ئیدارەی ناوەندی دەوڵەت دیاری کردبوو، هەسەدیش پێشنیاری هەشتنەوەی پشکەکانی ناوخێیی لە بواری کارکردن و دارایدا دەکات.
هەسەدە و حکومەتی سوریا لەدوای واژەکردنی هاکەکەوتننامەی ١٠ ی ئازاری ٢٠٢٥ هەوڵ سەرقاڵی دانوستانێکی قورس بوون، بە ئامانجی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی پرۆژەی "بەڕێوەبردنی خێیەتی" لە باکور و هاژەهاتی سوریا. سەرەڕای پێکهێنانی لیژنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردووەدا، بەڵام دواتر

دانوستانکان وستان بەهای پارسەندنی ناکۆکیکانیان لسەر شوێن و سروشتی دانوستانکان.
هەسەد پێداگری کرد لسەر گواستنەوەیان بۆ پاریس لژێر چاودێری فەرەنسا، دیمەشق ڕەتیکردەوە ئەو پرسە بنەخودوەتی بکات و پێداگری لسەر ئاگرتنی ئەوان لە چوارچێوەی خاکی سوریادا کرد. جگە لەوەش، ناوبەناو پێکدادانکی سنووردار بەهای پشێلکاری مەیدانی و تەماتی یەکتر بە پشێلکردنی ڕێککەوتنکە سەریهەڵداوە، واتە ئاگربەستکە بشێوەیکی ناسەقامگیری ماوەتەوە و هەرواش دەمێنێتەوە، ئەم پێکدادانانە درێژەپێدەری شەوازکە کە ماوەیکە بەردەوامە، بتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب و دەرحەفەر، ئەم ناوچانە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لەلایەن هەسەدەوە کۆنترۆڵکران و لەوکاتەدا هەسەدە بڕیارو حەلەب پشێوییان کرد، ئەوان کۆبونەوە و بووە هەی پێکدادانی پچپچە لە نێوان هەردوولادا.
ئەوەی شایانی باسە پێکدادانکانی ئەم دواییە ئاماژە بەو ڕەهەندە سیاسییە ئەدات کە حکومەتی سوریا جڕێک لە گەمارۆدانی بسەر گەڕەککاندا سەپاندووە، لەبڕامبەر ڕەچاوی هەسەدە لە حەڵەبدا، واتە دڕکردنی نفوزی هەسەدە لە حەڵەب، ئەمش بشکۆ لەو سیاسەتەی کشرع دێوەت تەواوی سوریا کۆنترۆڵ کات.
پێکدادان و تەپبارانکانی ئەم دواییە بونەتە هەی ئاوارەبونی خەڵکی مەدەنی لەو گەڕەکانەی زیانیان لکەوتووە، هەربۆیە ئاماژەن بۆ مەبەستی حکومەت بۆ زیادکردنی فشاری سەربازی لەو ناوچانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەسەد، هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە هەر کۆنترۆڵکردنک بسەر ئەو گەڕەکانەدا بێت، واتە مانای کۆتایی بە هێکەوتنکەی ١٠ی ئازار دەهێنێت!.
دەستەوەردانی ئەمریکا لەڕگەی نەردەی تایبەت تەم باراک و فەرماندە "براد کوپەر" لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا هەوڵکە بۆ گەیاندنەوەی پرسەی سیاسی و ڕکەوتنی حکومەتی سوریا و هەسەد، ئەمش ئاشکرایە گەر پشبێت لە بەرژەوەندی واشنتنداید.
ئاشکرایە کە تورکیا هێرشکی سەرکی دگەڕەت لە تەواوی هاوکشەکەدا، هەوڵ و خواستکی بەهێزی هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە هەسەد، بەیە پاپشتی هەر هێنگاوکی حکومەتی سوریا دکات کە ئاماجی کۆتایی هەسەد لە نەخشەکانیاندا بێت.
دیداری نێوان مەزلوم عەبدی و ئەحمەد شرع، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردووداشاهیدی بوین، وەزیری بەرگری و بشک لە ئێندامانی حکومەتکەی، بە نوێنەرگیری ئەمریکا، بە کۆمکردنەوەی بارگرژی دخەکە دوای تکهەڵچونی چەکداری نێوان هەسەد و سوپای سوریا لە حەلەب، دخەکە لسەر زەوی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەد،

بەردەوامە لە هەنگاونان بەرەو ئامادەکاریکان بۆ ململانێیەکی نوێ لەگەڵ دیمەشقدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەرکردایەتی هەسەد خەیان ئامادە دەکەن بۆ ئۆگری هوبەوبونەوەی تر لەگەڵ سوپای سوریا یان کوتلەکانی سەر بە تورکیا لە باکووری ئەو وڵاتە.
پەدچەت هەسەد زیاتر لە چوارچێوەی کایەی نفوزی ئەمریکادا خۆی ئادگرێت بەبێ ئەوەی ئاسایەکی سیاسی ڕوونی هەبێت، ئەمەش پەداگری مەزلوم عەبدیە لەسەر پاراستنی هاوسەنگی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ململانێ لەگەڵ دیمەشق و ئامادەکاری بۆ هەر سیناریۆیەک بەرەوڕوویان بێتەوە.
ئارامی ئێستای شێخ مەقسوود و ئەشرەفیە و دەرەزور ئاگربەستێکی کاتیە، کە واشنتۆن لەژێگەی فشاری دارایی و سیاسیەوە سەپاندوویەتی، هەکارە بنەڕەتیەکانی ئەو ململانێیە وەک خۆیان ماون، سەرەڕای سەرکەوتنی کاتی واشنتۆن لە ئاگرتنی گرژیەکان، بەڵام تا ئێستا چارەسەری ڕەگ و ڕیشەی قەیرانەکانی نەکردووە.
چانسی گەیشتنی هەسەد بە دەکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ دیمەشق ئاماژە، ئاشکرایە کە ژمارەی سوریا ئامادە نییە دەستبەرداری "ناوەندگرایی هێزەکان"ی خۆی بێت یان دان بە هەر ئیدارەیەکی سەربەخۆدا بنێت کە هێنگە ببێتە هەی دابەشبوونی سوریا لە داهاتوودا.
ئەتوانین بڵێین ناوچەکە بەووی چوونە ئۆگرەکدا بەکراوەیی دەمێنێتەوە، ئارامی پچەپچە یان هەکشانەکی نوێ کە لەوانیە لە دەرەزور یان گەڵەکە کوردیەکانی حەلەب سەرهەبداتەوە، هەکەوتنەکانی ئێستا بەرگەی فشارەکانی بارودۆخی ئاماژی سیاسی سوریا و ناوچەکە ناگرن و دۆخە سوریا لەم گۆڕاو و ناجێگیریە سیاسیە لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا نایێتە دەرەوە.

---

# ناڕەزایەتی ملیۆنی دژی ترەمپ و هاوپەیمانەکانی!.. نوری بەشیر

ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی سەرانسەری ئەمریکای گرتەوە، بەپێی میدیا ئەمریکی و جیهانیەکان لە ٥٠ ولایەتەکەی ئەمریکا ئەنجامدرا، کە لە ٢٧٠٠ شوێنی جیاجیاو بە بەشداری ٧ ملیۆن کەس بەڕێوەچوو، بە دروشمەکانی "نەخێر بە پاشا" و

"دیموکراسی نەک دیکتاتۆریەت" و "بەدژی دیکتاتۆری و فاشیەتی ترامپ" و چەندین دروشمی دیکەی پشتگیری لە کەچبەران و دژی سیاسەتی ئابوری ترەمپ، فەزای هەموو ئەمریکای داگیرکردبوو.
ئەم دووەم ناڕەزایەتی گەورەی ئەمریکایە لە دوای خۆپیشاندانی مانگی حوزەیرانی ڕابردوو، کە بە بەشداری ٥ ملیۆن کەس بە دژی دەناڕەد ترەمپ و سیاسەت و حکومەتکەی ئەنجامدرا. ئەم دوو خۆپیشاندانە چەندین ملیۆنیە لایەن بزووتنەوەی "نەخێر بە پاشا لە ئەمریکا" ڕێکخرابوو، کەدیان ڕێکخراوی جڕاوجڕی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز و چەپ تێیدا بەشدارە. ئەم خۆپیشاندانەی ئەمجارە، بە ترەمپ و حکومەتکەی شێک هێنربوو، لایەک لەووی دروشمکانی خۆپیشاندانەکەو لایەکی دیکەو ڕەژەی زۆری بەشداربوان کە سەرجەم ئەمریکای گرتەوە لە شارە گەورەکانی: واشنتۆن، لەس ئەنجلس، شیکاگۆ، بۆستن، ئەتلانتا، میامی، ساراسۆتا کاونتی لە فلۆریدا، پیتسبورگ لە ویلایەتی پێنسیلڤانیاو هەروەها لە نزیک شوێنی ماناوەی ترەمپ لە مارالاگۆی فلۆریدا، کە تێیدا پشووی کۆتایی هەفتە بەسەر دەبات. هەروەها ئەم ناڕەزایەتیانە سنووری ئەمریکا تەدەپەڕێنێت، واتە جگە لە ئەمریکا، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی "نەخێر بە پاشا" چالاکییان لە کێنداش ئەنجامدا، کەبوونەوەی ناڕەزایەتی لە هەرێک لە شاری مالاگای ئیسپانیا و مالمۆی سوید بڕۆوچوو.
ناوەڕکی ناڕەزایەتی ئەمجارەی هەزی ناڕازی مرۆڤدۆست و ئازادیخوازی ئەمریکا، لەبەرامبەر سیاسەتی ترەمپ و حکومەتکەی لە ئاستی ناوخۆ و جیهاندا، بەتایبەت بەدژی باڵی تووندڕەو و ڕاسیستی، ڕاستی بەڕۆژازیی ئەمریکایە، کە کەلێنی چینایەتی بەشێوەیەک فراوانکردۆتەوە و ژیانی بە چینی کرێکارو هەژاران نەهێشتۆتەوە. نەک دەیەوێت ئەم ئاراستە سیاسی و ئابوریە کێنپەرست و دژی ئینسانی و هەرشانە بەسەر خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی ئەمریکادا فراوانبکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت وەک بزوتنەوەیەکی بەرژوایی ڕاستڕەو دنیا بگرێتەوە و کاری بەدکات، کە نموونەکانی لەبەریتانیا و ئیتالیاو فەڕەنساو هەندە وڵاتی تری ئەوروپا خۆریکی ئەنجامدانی جووڵان دژی زەربەی زۆری کەمەگەو مەدەنیەتی کەمەگە بەشێوەی جڕاوجڕ.
لە یەکەمین ڕۆژەکانی دەورەی هەڵبژاردن و پلاتفۆرمی سیاسی و ئابوری کە ترامپ و لایەنگرانی و حزبەکەی خستیانە بەردەم کەمەگەی ئەمریکی، بەدژی ئازادی سیاسی و هەڕەسوان، بەدژی کەچبەران، هەروەها سیاسەتی ئابوری بەدژی کرێکاران و لەبەرژوەندی سەرمایەداران، زیادکردنی باج، بەهێزکردنی مەیلی دینی لەبەرامبەر بە مەدەنیەتی کەمەگەو... ڕیزی دەیان ملیۆن لەخەڵکی ئەمریکای

جوانەکانی دەناڵد ترەمپ کەمەگەی ئەمریکا نوقمی گژاوی بێکاری، دژی خاریجیان، بەهێزکردنی مەیلی راسیستی و فاشیستی، گرانی و دژایەتی مافەکانی ژنان دێکات، هەربۆیە خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت لە دژی سیاسەتی ترەمپ هاتنەمەیدان.
لەم دۆرەیەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستیی ترەمپدا، دەست براوە بە گۆڕینی سەرجەم یاسا؛ سیاسی و ئابوریەکان لەوانە: ٣٠٠ هەزار لە کارمەندی حکومی دەرکراوە، ٤٠٠ هەزار کەچبەر بە زەر لە ئەمریکا دەکەراون، کەمکردنەوەی میزانیەی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، ئیستغلالکردن و زیادکردنی باج لەسەر هاوڵاتیانی ئاسایی و کەمکردنەوەی لەسەر دەوڵەمەندان، قەرزەکانی حکومەت زیادی کردوە ئەمەش وادەکات بیشکێننەوە بەسەر خەڵکداو خەڵك باجەکەی بدات.
ئاگرچی سەرانی حکومەتەکەی ترەمپ تەمەت و ناوو ناتۆرە لەم خەپیشاندانە دەدەن، مایک جەنسن، سەرکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا گاڵتەی بە خەپشاندەران کرد و بە بەاوکردنەوەی "رق لە ئەمریکا" تەمەتباری کردن، هەروەها بە رۆژنامەوانانی راگەیاندو بە لەدان لە خەپیشاندەران وتی: "ئەوەی دیموکراتە چەپەوەکان، کەسانی مارکسیست، سۆسیالیست، تووندەوەکان و باڵی لایەنگری حەماس لەنێو پارتەکەتان کەدەکەنەوە."
لەبەرامبەردا خەپیشاندەران گاڵتەیان بەو قسانە دەهات و دروشمەکانیان دەوتەوە لەوانە: دەبێت دەناڵد ترەمپ بڕوات، داویان دەکرد جیابجێکردنی رەکارە تووندەکان دژی کەچبەران و سیستمی نوێی پێناسی گومرگی هەبوشتەوە، خەپشاندەران لافیتە و دروشمی جیاوازیان بەرزکردبوویەوە، هەندێکیان داوایان دەکرد دیموکراسیی ئەمریکا بپارێزن، و ...تاد. ئەو دروشمەی کە زۆرتر ترەمپ و سەرانی حکومەتەکەی نیگەران کرد دروشمی "نەخێر بە پاشا و نا بە دیکاتۆرو فاشیست" بوو.
هەروەها خەپشاندەران ڕەخنەیان لەسەرجەم ئەو سیاسەتانەی حکومەتەکەی ترەمپ گرت، بەوەی ملیاردێرە کەماریەکان هەرش دەکەنە سەر میدیا و نیارە سیاسیەکان و کەچبەرە نایاساییەکان، هەر لەم ڕووەوە سیناتۆر بێرنی ساندەرز لە ویلایەتی ڤەرمانت، کە کەسایەتیەکی دیارە لە ئەمریکا، لە لەدوانکەدا قسەی بە خەپیشاندەران کرد و هەخنەی لە ملیاردێرە تەکنەلۆژیەکان گرت و ڕایگەیاند لەوەتەی ترەمپ بووەتە سەرۆکی ئەوان دەوڵەمەندتر بوون، لەوانە: ئیلەن ماسک، جێف بیزۆس، مارک زوکەربێرگ "و ئەو فرە ملیاردێرانەی دیکەی کە لەکاتی دەستبەکاربوونیدا ڕاست لە پشت ترەمپەوە دانیشتبوون.

هەروەها لێژنەر گوشاری خێپیشاندانەکەدا ترامپ لە یەکێک لە قسەکانیدا دەڵێت ئەوان وەک پاشا ئاماژەم پێدەکەن، من پاشا نیم وەک وتی کارەکانی بە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتێکی قەیراناوی پێویستن و ئەو تەماتانەی کە گوایە وەک دیکتاتۆرێک یان فاشیستێک ڕەفتار دەکات، بە هیستریا ڕەتیکردنەوە.
ئەم ناڕەزایەتیە گەورەیە ئەگەرچی لە ئەمریکا بوو، ئەگەرچی دژی ترامپ و حکومەتەکەی و دژی سیاسەت و بەرنامە ئابوریەکەی بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەدژی دەسەڵاتی پاشایەتی واتە دەسەڵاتی بەکابەری و سەرکوتی ئەبوو، بەدژی سیاسەتی راسیستی دژی پەنابەری ئەبوو، بەدژی سیاسەتی ئابووری دژی کرێکاران و کەمدەرامەتی ئەو بوو، هەروەها ئەم ناڕەزایەتیە بەرفراوانە پەیامی دژی هەموو ئەو حکومەت و سەرانی ئەو حکومەتانەی لەگەڵ خێی هەڵگرتووە کە لەدەوری سیاسەتی ترامپ، لەدەوری بەرنامەو بۆچوونەدیکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی ترامپ و حکومەتەکەیدایە، ئەوا ناوەڕۆکی ئەم ناڕەزایەتیانە بەدژی هەموو سیستەمی سەرمایەداری و حکومەت و سەرانی ئەو وڵاتانەیە لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو برسی و هەژارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگەدایە لە ئاستی جیهانیدا، بەیە پەیامی ناڕەزایەتیکی جیهانی هەڵگرتووە لەگەڵ خێیدا.

---

# ئەو نکۆرە خەفرەشانەی صەدام حوسێن کە کوردیان ئەنفال کرد- ئەنفالی یەك.. عەلی مەحمود محەمەد

پرسەی ئەنفالی یەکەم شەوی سەشەممە کاتژمێری 2:25 بەرەبەیانی ڕێکەوتی 23-2-1988 دەستی پێکرد تاکو شەممە ڕێکەوتی 19-3-1988 بەردەوام بوو, کەی گشتی 26 ڕۆژی خایاند, بە سەرکردایەتی سوڵتان هاشم سەرکەری ئەپەراسیێنی ئەنفال, لیوا روکن کەمال ساجت فەرماندەی فەیلەقی یەك، لیوا روکن نیعمە فارس حوسین محیاوی فەرماندەی لەشکری پێنجی ئەوکات، وە بە سەرپەرشتی عەلی حەسەن

مەجید بەرپرسی بیرەی باکوری حیزبی بەعس، سەرکی ئەرکانی سوپا فەریقی روکن نزارعەبدولکریم خەزرجی ئەنجامدرا.
لە ئۆپەراسیۆنەکە هێزی ئاسمانی بە فۆکەی شکێر و کۆپتەر, یەکەکانی تۆپخانە, تانك, زرێپۆش, هێزی پیادەو تایبەت بەشدار بوون.
20 لیوای سوپای عێراق و 30 فۆجی سەر بە گاردی کۆماری و هێموو فۆجە جاشەکانی سەرکردایەتی جەحافلی بەرگری نیشتمانی یەك" لە ئاستی فرقەدا بووە" و مەفرەزە تایبەتەکانی 29,68,87,119 تەواری سەلەمانی و مەفرەزەکانی ئەمن ناسراو بە مەزفرەزە خاسەکان بەشداربوون لە ئۆپەراسیۆنەکە, کەی هێزەکەی سوپای ئەنفال مەزەندە دەکران بە زیاتر لە 120 هەزار کەس, واتا هەر دە مەتر چوار گۆشە جاش یان سەربازێکی بەرکەوتووە.
لە نە قۆناوە هەرشکرایە سەر گوندەکانی دۆڵی جافایەتی تا مەرگە بە درێژایی 70 کیلەمەتر، کە بریتین لە گوندەکانی سنووری قەزا و ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، چوارتا، قۆڵا چوالان، ماوەت, کارێز, سەرچنار و سورداش), پانتایی روپۆکەی نزیك بە 1154 کیلەمەتر چوارگۆشە دیاریکراوە.
